# شیوەنی سەلام عبداللّە بۆ قوربانیانی هەڵەبجەیە یان بۆ ناسیۆنالیزمی کورد

عبداللّە محمود
nauzad_mahmud@yahoo.com

لەگەل راگەیاندنی هەلویستی حزب سەبارەت بەکارەساتی هەلەبجە هیچ کەس لەوانەی ئەم ماوەیەی دوایی ئاگاداری هەلویست سەلام عبداللەن لە دژی حزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق و ئیران و شەخصی منصوری حکمەت گومانیان لەوە نەبووە کەسەلام لەراستای هەلرشتنی فرمیسکی تیمساحیانەی بۆ کارەساتی هەلەبجە، لەبەرامبەر بە بۆچون و هەلویستی شۆرشگیرانەو واقعیانەی حزبی کۆمۆنستی کریکاریی عیراقدا دەوەستیتەوە.ئەم پیشبینیە لەگەل بلاوبوونەوەی بەیاننامەی حزبدا سەبارەت بەوکارەساتەدیسان وەراست گەراو سەلام هاتە وەلام. سەلام جگە لە فریدانی ووشە لە فەرهەنگە ناسراوەکەی کە ناسنامەو تایبەتمەندی ئەوەو ئیمە لەوبارەیەوە بۆئەو فەرهەنگە بەرزەیدا!! پیرۆزبایی پیدەلین و خیرداربیت. هاوکات جگە لە بەیانی هەلویستی خۆی هەولیداوە رەخنەلە بۆچوونی حزبی کۆمۆنیست بگریتو هەندیك بۆچونی خستۆتە روو کە من لیرەدا بەپیویستم زانی وەلامیك کورت بە کورتیلە بۆچونەکەی کە زادەی فەرهەنگی کورتی ئەوە بدەمەوە.

سەلام دوای پیشەکیەك دەلیت (سەرانی ئەم حزبە............لە ئاسانترین ئاستی تیگەیشتن لەم کارەساتە دورن !بەسەر هەموو داخوازیەکان"قەرەبووی زیانەکان لە شەرکەتەکیمیایەکان وحکومەتی ئەلمانیا،ناسینی کارەساتەکە بە جینۆ ساید،دادگایی کردنی خەزرەجی،تیپەریون،وباسی سەربەخۆیی دەکەن) .

سەرەتا دەبی ئەوە بلین کە سەلام بۆچی باسی هۆکاری ئەسلی ئەم کارەساتە ناکات ؟سەلام بۆچی خۆی دورگرتووە لەوەی تەنانەت بەیەك دیر باسی درندەیی رژیمی بەعس بکات؟وە بۆچی زۆر شەرمنۆکانە لە پەرەگرافیکدا دەلیت: (بەرپرسیارانی ئەم تاوانە و ئەوانەی هاوکاریان کردووە بۆ ئەنجامدانی،بۆ بەر دادگا راپیچ بکرین) .

وەلامدانەوە بە هەرکام لەوانە ئامانجی سەلام لەوەی تائیستا هەیە باشتر دەردەخات.

ستەمی قەومی سەرخەلکی کوردستان هۆکاری ئەسلی ئەم کارەساتە و هەموو ئەوکارەساتانەی ترە کە بەسەر خەلکی کوردستان هینراون. (سەرکوت و گرتن و زیندانی کردن تائیعدام و کوشتنی دەستە دەستەی خەلکی بەئاشکرا تا هەلکەندنی بەزۆری خەلکی لە شوینی ژیانی خۆیان و راپیچ کردنیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملیەکان، و تیکدانی هەزاران گوندو چەندین شارو شارۆچکەو تەخت کردن و تەقاندنەوەیان بە "تی ئین تی"،تا تەعریب کردن وبەزۆر بەبەعسی کردن تاکو بیسەرو شوین کردن و دروست کردنی دەیان گۆری بەکۆمەل و ئاوارەکردنی خەلکی، تا دەگات بە بیسەروشوین کردنی بەکۆمەلی هەزاران بارزانی و پاشان کیمیاباران و ئەنفال و.....تاد.هەموویان بەرهەم وئاکامی شەری رژیمی فاشستی بەعسن لە دژی خەلکی کوردستان. شەری رژیمیش لەدژی خەلکی کوردستان ریشەی لە سیاسەت و هەلویستی حزبی حاکم و دەسەلاتە حکومەتی و دەولەتیەکەیدایە. حکومەتی عیراقی لەسەر بنەمای ناسنامەی قەومیەتی عەرەبی پیك هاتووەو بەپیی ئەو ناسنامە قەومی (ناسیونالستی) ە، هاولاتیانی غەیرە قەومی عەرەبی بە دەرجەی خوارتر تەماشا دەکات و مقاوەمەت و ملنەدانیش بەو شۆفینیزمە بە هەلگەرانەوە بەدژی بەرژەوەندیەکانی دەولەت و دەسەلات تەماشادەکات و بەکفر دەژمیردریت و دەبی لەبەرامبەردا بەهەموو شیوەیەك لێیی بدریت. بە واتایەکی تر لە روانگەی رژیمی حاکمی قەومی لەعیراقدا خەلکی کوردستان وەکو هاولاتی پلەدوو تەماشا دەکرین و قبول

نەکردنی ئەمەش و خەبات بۆ بەدەست هینانی یەکسانی حقوقی بە تاوان لەقەلەم دەدریت و هەموو ئەو کویرەوەری و کارەساتە گەورانەش کە میژوویەکی دریژە بە سەر سەری خەلکی کوردستان دەهینرین ریشەی لەو زولمە قەومیەدایە کە رژیمی قەومی عەرەبی حاکم لەعیراقدا بەسەر خەلکی کوردستاندا سەپاندویەتی، ئەحزابی قەومی کوردیش لەسەر بنەمای بوونی ئەم زولمە قەومیە سەریان هەلداوە بەلام نەبۆ وەلامدانەوە بە زولمی قەومی سەرخەلکی کوردستان و چارەسەری ئەم زولمە بەلکە بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لەرژیمی حاکم و حاکمیەت کردن بەسەر خەلکی کوردستاندا، دیارەئەمەش لە ژیر سایەو بریاری حکومەت و رژیمی حاکمدا.کەسیش گومانی لەوەنییە کە رژیمی هارو درندەی بەعس گەورەترین تاوانی بە دژی خەلکی کوردستان ئەنجامداوەو کارەساتی ئەنفال‌و هەلەبجەش دوو تاوانە زۆر گەورەو ناسراوەکەی بەعسن لە دژی خەلکی کوردستان. سەلام عبدالله لەبەرامبەر ئەوتاوانە گەورەی بەعسدا لە دژی خەلکی کوردستان هوشیارانە دەیەوی کارەساتی هەلەبجە وەکو رووداویکی سەربەخۆ و دابراو لەو هەموو تاوانانەی بەعس لەکوردستان نیشان بدات و ریگا چارەیەکیش و داواکاریەکیش کە بە حسابی خۆی لە ئاستی گەورەیی قوربانیانیدایەو تەرحی دەکات بریتی یە لە"قەرەبووی زیانەکان لە شرکەتە کیمیاویەکان و حکومەتی ئەلمانیا،ناسینی کارەساتەکە بە جینۆ ساید، دادگایی خەزرەجی"

بالەسەر هەرکام لەو داوایانەچەند شت بلیم: سەرەتا سەلام لەجیاتی ئەوەی رژیمی بەعس بەتاوانبار بزانی کە کیمیاوی بەکارهیناوە رروەدەکاتە دەولەتی ئەلمان و شرکەتە کانی وچونکە چەکیان فرۆشتووە بە رژیم و داوا دەکات شەرکەتە کیمیاویەکان و دەولەتی ئەلمان قەرەبووی زیانەکانی هەلەبجە بکەن، دیارە ئەگەر بەعس خۆی کیمیاوی دروست کردبا تەوەقوعی لە بەعس دەبوو و ئەو داوایەی بەریزەوە لە ئەوان دەکرد. لەوەش واوەتر سەلام سەبوری خەلکی کوردستان و هەلەبجە بە قەرەبووی زیانەکانی کەدیارە مەبەستی چارەسەری بریندارەکان، دروست کردنەوەی هەلەبجە، و پارە سەرفکردن بۆ خەلکی هەلەبجە و داوای لیبوردنیك کە دەولەتی ئەلمان یان شرکەتە چاوچنۆکەکانی قازانج پەرست سەرمایە رای بگەیەنن،دەزانی. سەلام لەوە تیناگات کە تەواوی خەلکی کوردستان و خەلکی هەلەبجەش سەبوریان بەوە دیت کە رژیمی هارو درندەی بەعس گۆر بەگۆر بکریت، سیبەری رەشی دەسەلاتی بەعس بەسەر سەریانەوە نەمینی و وەکو ئینسانی سەربەخۆو ئیرادەیان بنوین و ئازادو تەسەل بژین کە ئەمەش لەئیستادا بە جیابوونەوەی کوردستان لە عیراق و پیکهینانی وولاتیکی سەربەخۆدەبیت. باسی ئەوە دەکات کە کارەساتی هەلەبجە بەجینۆساید بناسریت، بەلام مەعلوم نیە ئەمە بۆچیەو بە چ مەبەستیك دەیەویت ئەمە رابگەیەنریت؟ لەوەدەچیت سەلام بروانەکات خەلکی کوردستان جینۆساید کراوە تا رای گشتی‌و دنیا بەرەسمی نەلین ئەمە جینۆسایدە، هاوکات بەرەسمی ناسینی درندەیی رژیم لە چاوی رای گشتی دنیاوە جا ئەوەی بەرەسمی کارەساتی هەلەبجە یان ئەنفال ناو ئەنین جینۆساید یانا دەبی بۆ خەلکی کوردستان و بەرەی رادیکال و پیشکەوتنخوازی کۆمەلگا ببیتە گوشار لەسەریان تا پشتیوانی خەلکی کوردستان بکەن بۆ رزگاربوون لە دەست رژیمی هارو درندەی بەعس ئەویش بە سەربەخۆیی کوردستان دەبیت"هەرچەندە سەلام پیی ناخۆشە و دژی سەربەخۆییە" بەلام حەقیقەتە. تا ئەو جیگایەش بە باسی دادگایی خەزرەجی دەگەریتەوە، با بەر لەهەموو شتیك ئەوە بەبیر سەلام بهینمەوە کە ئەو خەزرەجیەی دەستی لە ئەنفال و کیمیاباران و دەیان درندەیی تردا هەیە بۆسەر خەلکی کوردستان ئەگەر پارتی ویەکیتی بەئەندازەی سەرە دەرزیەك پەیوەندی‌یان بەخواستەو بەرژەوندیەکانی خەلکی کوردستانەوە ببوایە دەکرا لەبەر دەرکی سەرا یان بەردەم قەلای هەولیردا دادگایی ئاشکرای جەماوەری کرابا، چونکە سالی ١٩٩٣ بەهاوکاری یەکیتی وپارتی

گەیشتە کوردستان بەلام وەکو زۆر کۆنە تاوانباری دیکەی بەعسی کیمیایی وئەنفال پاراستیان و لەلایەن سەرۆکی هەردوو حزبیشەوە ریزو حورمەتی گیراو بەهاوکاری ئەوانیش لە زاخۆوە گەیەنرایە سوریا و لە ویشەوە بۆ ئەوروپا لە دانیمارکیش هەم پارتی و هەم یەکیتی بە رەسمی داوایان لە دەولەتی دانیمارك کردووە تا حەقی پەناهەندەیی پیبدریت و خەریکی پاکانە کردنن بۆی. هەروەها لەوەدەچیت سەلام لەدەرەوەی‌کۆمەل‌و کۆمەلگا بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان و حزبەکانی سەر بەو بزوتنەوانەوە بیت، بۆیە داوادەکات هەموو کورد بەهەموو ئایدۆلۆژیاو حزبەکانەوە یەك هەلویست‌و بۆچون و یەك جۆر داخوازی‌یان هەبیت بۆ هەلەبجە!!!هەربۆیە دەلی واز لەحزب و ئایدۆلۆژیا بینن. لە کاتیکدا هیچ لەوە رۆشنتر نیە کە هەر حزب‌و لایەنیکی سیاسی تەعبیر لە بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز دەکەن، هەروەکو سەلام خۆی تەعبیر لە ئایدۆلوژیایەکی تایبەت‌و لایەنگری لە بزوتنەوەیەکی سیاسی دەکات و بەپی ئەو بەرژەوەندیەش لەسەر هەلەبجە هەلویستی گرتووەو داواکاریشی راگەیاندووە. هەروەها سەلام پیمان نالی چۆن دەکریت پارتی‌و یەکیتی کە نزار خەزرەجی پیشوازی دەکەن و پاشان هاوکاری دەکەن بۆ سەفەری ئەورووپای و لەدانیمارکیش خەریکن پاکانەی بۆ دەکەن بین بەشداری لە دادگایی کردنی خەزرەجی‌دا بکەن؟؟!!

لە بەشیکی تردا سەلام رەخنە لە بەیاننامەی حزب دەگریت و دەلیت: (بە ئارەزوی خۆیان لە کارەساتەکە دوور کەوتونەتەوە: لەهیچ وخۆرایی باسی"کارنامەی دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالستی کورد.."یان هیناوەتە ئاراوە!ئاخر ٣/١٦ چ پەیوەندیەکی هەیە بەبارودۆخی کوردستان دوای راپەرین؟)

بەپیچەوانەی بۆچون و هەلویستی سەلامەوە ناکریت باسی روداوی هەلەبجە بکریت و باسی دەورو کارنامەی ئەحزابی ناسیونالست نەکریت "هەرچەند سەلام پیی ناخۆشە".

هەر وەك لە سەرەتای ئەم وەلامەمدا ووتم کە کارەساتی هەلەبجەو تەواوی کارەسات‌و ئەو کویرەوەریانەی بەسەر خەلکی کوردستاندا هاتووە پەیوەندی هەیە بە بوونی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر خەلکی کوردستان،و هەرنارەزایەتی‌و وەستانەوەیەك تەنانەت نا ووتنیك بە رووی رژیم‌و سیاسەتەکانیدا هەمیشە بیانوو بوون بەدەست رژیمەوە بۆ ئەنجامدانی تاوان لە دژی خەلکی و بەمەبەستی تەسلیم کردنیان.

هەلەبجەش لەو چوارچیوە گشتی‌یە بەدەر نی‌یە، بەلام روداوی هەلەبجە تایبەتمەندی خۆیشی هەیەکە ناکریت فەرامۆش بکریت. هەلەبجە لە کۆتایی شەری عیراق وئیراندا و دوای ئەوەی سوپای ئیران بە پیش لەشکری و چاوساغی ئەحزابی قەومی کورد هاتنە ناو هەلەبجەوەو کە بە هیرشی "فەجر" ناوبرا، رژیمی بەعس هەلەبجەی بۆمبابارانی کیمیاوی کرد و ئەوکارەساتە جەرگبرە بوو بە میژوومان، دیارە میژوویەکی تال. ناکریت ئەو واقعیەتە لەباسی هەلەبجەدا نەکریت کە ئەحزابی قەومی کورد هەمیشە لە ململانیی خۆیان‌و رژیمی بەعسدا تەنانەت لەململانیی نیوان خۆشیاندا پەنایان بۆ دەولەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بردوەو بوونەتە چاوساغ وپیش لەشکریان. لە کۆتایی شەری عیراق و ئیرانیشدا لە هەلەبجە جاریکی تر ئەحزابی قەومی پیش لەشکری‌یان بۆ رژیمی ئیرانی کۆنەپەرست و دژ بەخەلکی کوردستان کرد بەو مەبەستەی بتوانن لەوریگایەوە حزوری سیاسی و عەسکەری خۆیان نیشان بدەنەوە، بۆیە ناکریت دەوری ئەوانیش لە رووداوی هەلەبجەدا فەرامۆش بکریت. زۆر بەداخەوە ئەحزابی قەومی کورد بەدریژایی هەموو میژووی رابردوو هەم خۆیان و هەم قەلەم بەدەستانی بەکریگیراوی خۆیان خستۆتە گەر تا واقعیەتی رووداوەکان بشیوینن و لە خەلکی بشارنەوە کەئەمەش گەورەترین ناحەقی‌یە دەرحەق بەخەلکی کوردستان، ئیستاش سەرباری نزیك بوونی روداوەکە لەباری میژووی‌یەوەو سەرباری ئەوەی بەهەزاران کەس لەژیاندان کە لەناو کارەساتەکەدا بوون، کەچی زۆر بیشەرمانە

©kurdistan Net

دەیانەویت ئەم واقعیەتە جۆریکی تر دەرخواردی خەلکی کوردستان ورای گشتی بدەن. سەلام دەلیت نابیت بلیین ئەحزاب وئەوانەی کورد زمانن هیچیان خراپ و تاوانبارن لە کارەساتی ئەنفال و کیمیا بارانی هەلەبجەدا، سەلام پی بزانیت یان نا بەو هەلویست و بۆچونەی دەچیتە ریزی ئەوانەی دەست و قۆلی لاشەی لە کیمیای هەلکیشراوی ژنانی هەلەبجەیان بۆ بازن و ئالتون بریەوە، دەچیتە ریزی ئەوانەی لە جەرگەی کارەساتەکەدا کەوتنە تالانی، دەکەویتە ریزی ئەو سەرەك جاش و رەفیق حزبیانەی پیش لەشکری سوپای بەعسیان کرد لە پرۆسەی ئەنفالدا، دەکەویتە ریزی ئەو مەلا یانەی هەزار سویند قورعانیان دەخوارد کە حکومەت کیمیایی بەکار نەهیناوە. وە لیرەدا لەسەلام دەپرسم پیش لەشکری بۆ بەعس و جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی رژیمی فاشستی تورکیا فەرقیان چی یە؟؟

وە سەلام دەلیت ٣/١٦ چ پەیوەندیەکی هەیە بەباروودۆخی دوای راپەرین!! لەوە دەچیت سەلام لەدەزگای فکری خۆیدا برابیتەوە لەسەر ئەوەی کە دەسەلاتی بەزۆر داسەپاوی دەستەو تاقمی ئیسلامی دەسەلاتیکی رەسمی وئیعترافپیکراوی نیو نەتەوەیی یەو هیچ پەیوەندیەکی بەکوردستانەوە نەماوە و سەربەخۆیە، بۆیەوای دەبینی کە ١٦-٣ پەیوەندی بە بارودۆخی هەلواسراوی کوردستانی دوای راپەرینەوە نەماوەو کەباسی کارەساتی هەلەبجە کرا نابیت باسی وەزعیەتی ئیستا بکریت. لەوە دەچیت سەلام ئەو عەقلەی هەیەتی نەیەویت ئیستا بەکاری بینیت."عەقلیکی زۆری ناویت" تیگەیشتن لەوەی کە سەرباری بەعەمەلی نەمانی ئیداراتی رژیم و داموو دەزگاکانی لەکوردستان و بوونی دەسەلاتی میلیشیایی ئەحزابی قەومی و تەسلیم کردنی هەلەبجەش بە ئیسلامیەکان، دابرانی بەشی زۆری کوردستان، بەلام ئەم دابرانەی کوردستان رەسمیەتی قانونی وحقوقی نیە، و کوردستان لە دوایی راپەرینەوە جغرافیایەکی بیناونیشانی وولاتییە لە جغرافیای سیاسی دنیاداو حەقی هاولاتی بوون تیایدا دیار نییە و کورستان بەکردەوە بۆتە هۆلیکی چاوەروانی و خەلکەکەشی ئاوارەو لە چاوەروانیدا ڕاگیراو. مەعلوم نییە ئایندەی کوردستان چی بەسەردیت، ئەوەی لە هەموو کەسیکی هوشیار مەعلومە ئەوەیە کە ئەم هەلومەرجە تاسەر وانابیتو سەرئەنجام کوردستان دەبی بگەریتەوە بۆ حالەتیکی نۆرمال و ئاسایی بە چوارچیوەو پیناسەی حقوقی و ناسنامەی وولاتیەوە، ئەمەش تەنها دوو ئیحتمال و دوو ریگای لەبەردەمە یان رژیمی هارو درندەی بەعس بەشیوەیەك لەشیوەکان کە زۆرتر ئیحتمالی ئەوە هەیە بە ریگای سازان لەگەل حزبەکان دەسەلاتی رەشی خۆی دابسەپینیتەوە، کە ئەمەش یانی دووبارەبوونەوەی سەرکوت و کارەساتی دلتەزین، یاخود بە ریگای هاتنە مەیدانی جەماوەری خەلکی لە دەوری خواستی جیابونەوەی کوردستان و پیك هینانی وولاتیکی سەربەخۆ و داسەپاندنی ئەم خواستە بەسەر ئۆرگانو مەرجەعە نیودەولەتیەکاندا و کردنیەتی بە ئەمری بەواقع، کە بەعەمەلی بوونی ئەمەو پیك هاتنی وولاتیکی سەربەخۆ بۆیەکجاری دەستی رژیم لەسەر سەری خەلکی کوردستان کۆتادەکا و بەرەی ژیر پیی ئەحزابی قەومی کوردیش دەردەهینیت کە میژویەکی دریژە لەسەر بنەمای ستەمی میللی سەر خەلکی کوردستان دریژە بەژیانی سیاسی خۆیان دەدەن.بۆیە رۆژی هەلەبجە پەیوەندی راستەوخۆی بە وەزعیەتی دوای راپەرین و ئیستاشەوە هەیە، ئەوە بەجیالەوەی کە خەلکی هەلەبجە دوای راپەرینیش وەزعیەتیان هەرخراپو دژواربووە. ئیدارەی هەلەبجەو دەسەلاتی ئەوناوچەیە دراوەتە دەستی دەستەو تاقمی ئیسلامی کە دەیانەویت دەسەلاتی سەردەمی خولەفاکانی راشدین بەسەر سەری خەلکی هەلەبجەدا دابسەپینن، ئەوانەی غازی سیانیدو خەردەل نەیکوشتن ئیستا کەوتونەتە بەردەم شەپۆلی غازی سیانید و خەردەلی ئیسلامی، منالان بەئاگرو دوپشکی جەهەنەم ئەترسینرین و حیجابی ئیسلامیان لەسەردەکریت، ژنان لە هەموو مافیکی ئینسانی بیبەش کراون و بەناقس

عەقل تەماشادەکرین و بەجۆرەش دەیانەوی رەفتاریان لەگەل بکەن، تا ئەو جیگایەی بەلاوانیش دەگەریتەوە تاسەو ئارەزووەکانیان خنکینراون و جیگایەك بۆ خۆشی وئارەزووەکانیان نەهیلراوەتەوە، ئەمە جگە لەشەری بەیناو بەینی خۆیان وئەحزابی قەومی کە هەمیشە خەلکی لە دلەراوکیدا راگرتووە، سەرباری هەموو ئەمانە هەلەبجە کراوەتە پشتی جەبهە بۆ بەهیزکردنی کۆنەپەرستی لە سەراسەری کوردستانداو کەنالی رەسمی وشەرعی بۆ دەستیوەردانی هەموو رۆژەی ئیران لە وەزعیەتی کوردستاندا، با ئەوەش بلیم ئەو هەلەبجەی سەلام فوارەی فرمیسکی بۆی بەربووە تا ئیستا بۆنی باروت و کیمیایی لیدیت و ویرانەیە جگە لەمزگەوت کە لە هەموو گەرەکیك و کۆلانیکدا دانەیەك و دوانی لی قوت کراوەتەوە، هیچی تری وای بۆ نەکراوە کە جیگای دلخۆشی کەس بیت. ئەم وەزعیەتەش ئاکامی کارنامە ودەسەلاتی ئەحزابی قەومی کوردە بەلام ئەمجارەیان کارنامەی دوای راپەرین و گەیشتن بەدەسەلاتە، ئەم وەزعیەتە دیاری دەستی ئەحزابی قەومی کوردە بۆ خەلکی هەلەبجە.

بۆ ئیمە رۆژی هەلەبجە رۆژی مەحکوم کردنی رژیمی فاشستی بەعس و خستنە رووی خواستی جیابونەوەی کوردستانە، کە بەدیهاتنی ئەم خواستە یانی بەرگرتن بەگەرانەوەی رژیمی بەعس و کۆتایی هینان بە زولمی قەومی و بە بیسەرەوبەرەیی و نادیاری ناسنامەی وولاتیی وسەرگەردانی ئیستا، بەدیهاتنی ئەم خواستە یانی پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی غەیرە قەومی وغەیرە مەزهەبی هەر ئەمەش خواستی قوربانیانی هەلەبجەو خواستی رەوای خەلکی کوردستانە.

سەلام لە ووتنی ئەو حەقیقەتەش کە ووتومانە کارەساتی هەلەبجە بۆمەرامی سیاسی بەکاردینن دیسان نیگەرانە، لەکاتیکدا هیچ شتیك لەوە رۆشن تر نیە کە نەك هەرکارەساتی هەلەبجە بەلکو تەواوی کارەسات وکویرەوەریەکانی تر کەبەسەر خەلکی کودستان هاتوون لەلایەن ئەحزابی قەومی کوردەوە کراونەتە دەستمایەی سیاسی بۆسازان وسات وسەودا لەگەل رژیم و هەلایەنیك کەئەوان ئیشیان پیی بوبیت ئاخر کی هەیە نەزانیت کە ئەنفال کیمیاباران ئاوارەیی ملیۆنی خەلکی کوردستان و تەواوی کارەساتەکانی تر لەلایەن ئەحزابی قەومیەوە کراونەتە سەرمایە بۆ سازان وسات وسەودا؟، کی بیری چوتەوە کە خەلکی کوردستان لە سالی ۱۹۹۱ دا وەختیك لەترسی دڕندەیی بەعس و قبول نەکردنەوەی بەعس ئاوارەی سنورەکانی عیراق- ئیران و عیراق- تورکیا بوون و لە کارەساتەدا بە سەدان منال و پەکەوتە لەسەرماو لەبەر بی خۆراکی گیانیان لەدەستدا، کەچی ئەحزابی قەومی کورد بەسەر لاشەی قوربانیانی ئەم ئاوارەییەدا کەوتنە سات وسەودا لەگەل رژیمی بەعس و بەعسیان گیرایەوە کوردستان و قارەمانەکانی ئەحزابی قەومی کورد لەگەل بەعسی و سوپاو ئینزاباتی بەعسدا لە شارەکان تەراتینیان بوو وەلەدژی خەلکی نارازی دەوەستانەوە، تا سەرئەنجام خەلك دیسان هاتنەوە مەیدان و بەعسیان رامالیەوە. کە بەداخەوە لەم راپەرینەدا چەندین کەسی تری وەکو خالیدی مەلا علی گیانیان لەدەستدا.

تا ئەو شوینەش بەوە دەگەریتەوە کە بەتەنها کەمپینی هەلەبجەمان بەریخست، دەلیلەکەی رۆشنە ئیمە حزبیکی سیاسین و هەم لیکدانەوەمان بۆکارەساتی هەلەبجەو هەم داخوازیەکانمان بۆی سەربەخۆ جیاواز بوو لەداواو خواستی ئەحزاب و لایەنی تر، نەئەوان مەسلەحەتی حزبی و پەیوەندی دیبلۆماسی وسیاسیان ریگایان پیدەدا واقعیەتی هەلەبجە وەکو هەیە باس بکەن و نە داخوازی خەلکی کوردستان لەسالیادی ئەم کارەساتەدا بەرزدەکەنەوە. تەنانەت یەکیتی وپارتی وەکو دوو لایەن شەهامەتی ئەوەشیان نیە لە کاتی پەیوەندی بوونیان لەگەل بەعسدا رژیم تاوانباربکەن، کەپەیوەندیان لەگەلی دەکریت بلیین بەردەوامە، ئیمە دەلین جیابونەوەی کوردستان ئەوان دەلین ئیمە بەر لەوەی کوردبین عیراقین و بەرگری لەیەکپارچەیی خاکی عیراق ئەکەین، ئەو

یەکپارچەییەی کیمیاباران و ئەنفال گرتیەوە. ئیمە دەلین پیکەوە ژیان لە گەل حکومەتی قەومی بەعسدا یانی دووبارەبوونەوەی کارەساتی ترو کویرەوەری تر، ئەحزابی قەومی دەلین ئیمە دژی جیابونەوەین و فدرالیزممان دەویت (فیدرالیزم یانی مانەوە لەگەل عیراق و وەرگرتنی دەسەلاتی ئیداری ناوچەی حوکمی زاتی بۆ ئەحزابی قەومی) بەمانایەکی رۆشنتر یەکیتی و پارتی سەرجەم ئەحزابی قەومی کورد بە هینانە گۆری شیعاری فدرالیزم بەرەسمی ئەوە بە بەعس دەلین کە دەسەلاتی ئیدارەی کوردستان تەسلیمی ئیمە بکەن وەکو ئیوەو باشتر لەئیوەش و بەپی ی رینوینی و بریاری ئیوە کارەکانی ئیوە لەکوردستان ئەکەین، ئەوە پەیامی ئەحزابی قەومی کوردو بزوتنەوەی کوردایەتی یە، بە نوسەرو شاعیرو گۆرانی بیژ و شانۆساز و میژوونوس و....تاد یەوە. ئیمە داخوازی و خواستی تەواو جیاوازو تەنانەت دژ بە خواست و داواکاری ئەحزاب و بزوتنەوەی کوردایەتیمان هەیە، بۆیە نەك ئامادەنین لەگەل ئەوانە هیچ بکەین،بەلکو هەمیشە بانگەوازی بەرەی رادیکال و پیشکەوتنخوازی کۆمەلگا ئەکەین کە سەربەخۆ بینە مەیدان و هەمیشەش بانگەوازی خەلکی ستەم لیچووی کوردستانمان کردووە کە خۆیان لە ئاسۆو ئامانجی ناسیونالیزم جیابکەنەوە و لەدەوری ئلسۆی ئینسانی و سۆسیالستی کۆببنەوە.

کەچی سەلام نیگەرانەو دەلی بەتەنها حزبی کۆمۆنیست کەمپینیان کردووە. من بەسەلام و هەموو ئەوانەی وەك ئەو بیر ئەکەنەوە ئەلیم فایرۆسی قەومی هیچی لە فایرۆسی کیمیایی کەمتر نیە و قوربانیانیشی هەزاران هەزار جار زیاترە لەو فایرۆسی کیمیای و کۆمەلگای بەشەری پیس کردووە. هەر بەومانایە بۆ ئیمەی کۆمۆنیست ناکریت کەمپین لەگەل ئەحزاب و کەسانی سەر بەبزوتنەوەی کوردایەتی بکەین. سەلام باسی یابانیەکان وجولەکەکان ورەش پیستەکانی ئەفریقیا دەکات ودەلیت لەبەرامبەر بەو کارەساتانەی بەسەریاندا هاتووە یەك قسەو یەك هەلویست و یەك جۆر داخوازیان بووە!!ئەمەی سەلام ئەیلیت جگە لەدرۆیەکی میژووی زیاتر هیچی تر نییە. بەجیا لەوەی هەرکام لەو روداوانە لە چوارچیوەیەی میژووی دیاریکراودا رویانداوەو دەبی لەو چوارچیوەشدا تەماشابکرین، هاوکات بزوتنەوەکانیان تەواو جیاواز بوون لەو بزوتنەوە قەومیانەی کورد کە لەکوردستاندا بوونەو هەن. بۆنمونە ئاپارتایدی رەگەزی لە ئەفریقیای خواروو کە ریشەی لە هەلاواردنی رەگەزیدا بوو، سپی پیستەکان وەکو ئینسانی تەواو و دەرەجە یەك تەماشا دەکران و رەشپیستەکان ئینسانی دەرەجە دوو، ئەم هەلاواردنە بوو بەهۆی سەرهەلدانی بزوتنەوەی دژی ئاپارتایدی رەگەزی، کە بەجیا لەوەی لەویش لە ناو رەشپیستەکاندا ریشەی هەلاواردنەکە بۆچونی چینایەتی جیای لەسەر هەبوو وە داخوازی جیاشیان هەبوو، بەلام بزوتنەوەیەکی زال بە ناوی کۆنگرەی میللی ئەفریقیا کە ماندیلا یەکیك لە رابەرانی بوو، وەکو ناسراوترین ریکخراوی سیاسی دژی ئاپارتاید لە مەیداندا هەبوو کە نوینەرایەتی قوتبی خەلکی کریکارو زەحمەتکیشی دەکرد بۆ بەدەست هینانی مافی یەکسان. هەرئەمەش بوو کە ماندیلای کرد بە رەمزی دژی ئاپارتایدی رەگەزی نەك هەر لەئەفریقیا بەلکو لەسەراسەری جیهاندا بەو هۆیەوە بوو کە ماندیلا رابەریکی سازش هەلنەگری لابردنی ئەم هەلاواردنە بوو، بەلام رابەرانی بزوتنەوەی قەومی کورد هەرگیز خوازیاری کۆتایی هینان بە هەلاواردنی قەومی لەسەر خەلکی کوردستان نەبوون و نەك نەبوونەتە رەمزی لابردنی هەلاواردن و خۆراگری، بەلکو بونەتە رەمزی تەسلیم بوون و کریگرتەیی بۆ هەر وولات و لایەنیکی دەولی و ئیقلیمی کۆنەپەرست. تەنانەت ئەوەی خەباتکاری لابردنی هەلاواردنیش بوو بیت کەوتۆتە بەر سەرکوت و دەست دریژی ئەوانی دژی لابردنی هەلاواردن. سەلام چونکە ئاگای لە کۆمەل و ململانیی کۆمەلایەتی هەموو رۆژەی چینەکانو میژوو نییە پی ی وایە هەموو ئەو ئینسانانەی بەیەك زمان قسە ئەکەن هەلگری یەك بۆچون و بەرژەوەندین و لەوەتیناگات کە لە کۆمەلگا چەوساوەو ژیر ستەمەکانیشدا ململانی چینایەتی هەیەو بەوپییەش

©kurdistan Net

بەرژەوندی چینایەتی و داخوازی چینایەتی هەیە. یەکیتی و پارتی چونکە حزبی چینەداراو چەوسینەرەکانی کوردن بەدوای دابین کردنی بەرژەوەندی ئەوانەوەن. بەوهۆیەوە ئیستا ئەوان حزبی زالن و ئەگەر پاش میژوویەکی دریژ باسی کوردستان بکریت بی گومان کەسانی وەکو تۆ وە باقی قەلەم بەدەستانی بەرژەوەند پیشە دەلین خەلکی کوردستان و تەواوی حزبەکان لەگەل فدرالیزم بوون و هەموو کوردبوون و هەمووش لەسەر کارەساتی هەلەبجە یەك قسەو یەك هەلویست بوون، شەهامەتی ئەوە بەخۆتان رەوا نابینن کە بلین فدرالیزم خواستی ئەحزابی قەومی بووە لە بەرامبەر خواستی سەربەخۆیدا، ناتوانن بلین بەرژەوەندی جیاواز بووەو ئەحزاب داوای جیابوونەوەیان کردووە، ناتانەوی بلین حزبی کۆمۆنیست و تەواوی خەلکی واقیعبینی کوردستان شایەدی پیش لەشکری ئەحزابی کوردبوون بۆ هەلەبجە. هینانە گۆری هیرۆشیماو سوتاندنی ملیۆنان یەهودی و باسی ئاپارتایدی رەگەزی ئەفریقیا و شیواندنی حەقیقەتەکانی بۆئەوەیە حەقیقەتی کارەساتی هەلەبجەش بشیوینن.

سەلام لەکۆتای نوسراوەکەیدا و لە بەشی داخوازیەکاندا دەلی (بەرپرسیارانی ئەم تاوانەو ئەوانەی هاوکاریان کردووە بۆ ئەنجام دانی،بۆبەردادگا راپیچ بکرین) .

هەرکەسیك ئەو دیرە بخوینیتەوە ریك ئەو زمان و راگەیاندنەی دیتەوە بیر کە ئەحزابی قەومی کورد لەکاتی بەندو بەست و مفاوەزاتدا لەگەل رژیم بەکاری دەهینن، ئەحزابی قەومی ئەوکاتانە بە رژیم ئەلین"میری، کۆماری عیراق، دەولەتی مەرکەزی، دەولەتی عیراق"و.....تاد. بە هیچ جۆریك قسەناکەن کە زەرەری هەبیت بۆ ئەو بەندو بەستە. سەلامیش وەك ئەوەی بەشیك بیت لە راگەیاندنی ریکخراوەیی یەکیتیو پارتی و بەشیك بیت لە مفاوەزات و بەندو بەستی ئیستا. ناوی رژیمی بەعس ناهینیت و دەلی بەرپرسانی ئەم تاوانە!! لەوانەشە سەلام هەموو رژیم بە تاوانباری کارەساتی هەلەبجە نەزانیت و پیی وابیت تەنها چەند کەسیکی دیاریکراو مەسئولن و بۆئەوەی بی دیقەتی نەکات!!نووسیویەتی بەرپرسانی ئەم تاوانە.

هەروەها سەلام باش دەزانیت کە خەلك باش رەش وسپی لەیەك جیادەکەنەوە بۆیە دەلیت: (نە یەکیتی و نەپارتی پیویستیان بەمن نییە،بە هەمان شیوەش، منیش هیچ پیویستیەکم بەوان نی یە) . ئەمەی سەلام ئەیلیت و هیناویەتەوە خۆی نیشانەی ئەوەیە کە واقعیەتەکە تەواو پیچەوانەی ئەو پاکانەیە، چ یەکیتی و چ پارتی زۆر پیویستیان بەکەسانی وەك تۆ هەیە وە تۆو کەسانی وەکو تۆش زۆر پیویستیتان بەئەوان هەیە. ئیوە لازم و مەلزومی یەکترن.

هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی کۆمەلایەتی تەنها لە حزبدا کۆنابیتەوە. بزوتنەوەی کوردایەتیش هەر حزب نیە، بزوتنەوەی کوردایەتی، بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتییە هەم حزبی خۆی هەیە هەم لە مەیدانەکانی تری وەك ئەدەب، هونەر، فکر، فەلسەفە، میژوو، ئابوری، شانۆ،مۆسیقاو سرود و گۆرانی تا رەقس و کەلەپور، قسەکەرو نووسەر و شەخصیات و رەمزی خۆی هەیە تا هەموو کۆمەلگا دابگریت و مۆری خۆی بدات لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی ئابوری وکۆمەلایەتی و فەرهەنگی کۆمەلگا. بۆئەو مەبەستەش بەدەیان دەزگاو ئۆرگان و ناوەندی جۆراوجۆرو بلاوکراوەو....تاد قوت کراونەتەوەو بەملیۆنان دینارو دۆلاری بۆ تەرخان دەکریت، لەم ریگایەوە عەقلی چینی حاکم و دەسەلاتدار زال دەکریت بەسەر کۆمەلگادا. بۆیە لەیەك بزوتنەوەدا بوون و دیفاع کردن لە بزوتەوەیەك هەر پەیوەندی ریکخراوەیی نییە. بەو مانایە تۆو کەسانی وەکو تۆ خزمەت بە بزوتنەوەی کوردایەتی دەکەن و بەیەکەوە دەتوانن بین و بەیەکیشەوە جوانن!!

له كۆتایی‌دا پرسیاریك له ئاستیكی فراواندا یه‌خه‌ی سه‌لام ده‌گریت. ئه‌ویش ئه‌وه‌یه بۆچی سه‌لام به‌دیاری كراوی ئه‌م ماوه‌یه‌ی دوایی كاری بووه به‌وه‌ستانه‌وه به‌رووی حزبی كۆمۆنستی كریكاری عیراقدا؟ زۆر كه‌س ده‌لین سه‌لام ده‌یه‌وی له ریگای ئه‌م كاسبیه‌وه خۆی مه‌تره‌ح كات. زۆر كه‌سی تر ده‌لین وه‌كو وه‌زیفه‌یه‌كی تاریخی پیی سپیردراوه، هه‌ندیكی تر ده‌لین سه‌لام تازه به هه‌لویست و سیاسه‌ته‌كانی حزبی كۆمۆنیست ئاشنابووه. به‌لام نازانم سه‌لام خۆی ده‌لیت چی؟

٢٠٠٢-٣-٣٠

©Kurdistan Net